# هەڵمانە لە ئەشکەوتی کوێستاندا

## (چیرۆکی ناخی خڕەی بێبڕانەوە)



**داڕشتنەوە بە کوردی: ئازاد کەریمی**

**لو**گاڵباندا یان لوگالبەندە،گەڵوەندە، ئەڵوەندە، دۆڵوەندە، هەڵمەندە، هەڵوانە، ئەلەموت، ئەیلومات ، الی ماد، الیمید، الی پیت، الی پی، پالو، پالی، هالووین، هەروەندە، ئەروەندە، ئەرگەندە، وەرزەندە، بەرزەندە، فەرزەندە، کەرەندە، وەرخەندە، خانیگەڵبات، خانی گەڵوەت، گەلەخان،گەڵو، گەڵواخی، گۆخلان، کەلێنجا، کالۆنچە، کەنولە، کولەکە، کەنۆلان، ئاڵکەڵو، ئوئاڵکی، کۆکلاشک، کەشکۆڵ، کۆشکەڵە، مەندەلۆگ، کەندەلوو، مەندەلوو، گەڵووانە و هەڵمانە کەسایەتی سەرەکی ئەم داستانەیە.

هەڵمانە واتە هەڵمی ئاو وا لە ئاساتیردا بە چەشنی هەڵۆی سەر دەستی ئێنکی نمایش دراوە. بەڵام هەڵۆدان بە واتای زەندی دەستی ئێنکی یە وا هەڵۆی لە سەر ئەنیشێتەوە و بریتی یە لە هێلانەی هەڵۆ.

داستانی مەرگی هەڵمانە و گەڕانەوەی بۆ ئەم ژیانە و شوکرانەبژێریەکانی زۆر سەرنجڕاکێشە.

ئەم ماجەرا ئەمخاتەوە بیری ماجەرای مەرگی فێرعەونەکان و ئامادە کردنی گۆڕەکانیان، هەروەها ئەمخاتەوە بیری ماجەرای مێعراجی کەرتیر، هەروەها کلیلی درگای دۆژەخ و نینخورساگ، ماجەرای سوڵتان سەهاک و جەژنی خاوەن کار بە هێمای دیکلەوە!

یارسانەکان جەژنی خاوەن کارلە ٣١ی ئوکتوبەردا دەگرن وا دەکاتە ١٠ ی مانگی هەشت واتە دووهەم مانگی پاییز واتە چل ڕۆژ دوای دەسپێکی پاییز. بە گوێرەی دەستورە ئایینیەکان سوڵتان سەهاک و حەوت یارانی لە ئەشکەوتێکدا گیر ئەخۆن و دوای سێ ڕۆژ ڕزگار ئەبن. هەر بەو بۆنەوە یارسانیەکان جەژنی خاوەن کار ئەگرن و تێیدا کەڵەشێر سەرئەبڕن و چێشت و نان لێئەنێن و شادیانە ئەگێرن. کەڵەشێر هێمای کلدانیەکان واتە پەردیوەریەکانە و ئەوانیش پەیمانێکی ٧٢ یاسایان هەیە و بریتین لە ڕێنمایی و پێبەندبوون بە بنەماکانی ئەخلاق ی پاڵەوانی(ئەلیپی، ئەلیمید) یان ماد کە هەمان یاسای هەڵمانەیە و لە سەرووی هەموویەوە بڕوا بە دەونادون و هەتاهەتایی بوونی ڕەوان یان ڕۆحە.

دیکل، ئەلکی، کال،ئەلکوش، لە دوو ئایتەمدا خۆی دەبینێتەوە یەکەم مەنجەڵ بۆ چێشتلێنان و دووهەم کەڵەشیر(گۆرانی)، دیکل (کورمانجی) ، کەڵەشێر(سۆرانی ئەردەلان وبابان، هەورامی)، ، کەڵەباب(سۆرانی موکری) کەرەباب(سۆرانی دوینی).

ئەگەر شناسیتان لەگەڵ شارستانیەتی ئورارتودا هەبێ ئێستا دەزانن واتای هەبوونی مەنجەڵی گەورەی ئورارتوکان چین وا لە وانێی باکووری کوردستان دۆزراونەتەوە....چەند مەنجەڵی قالایی کراو.

کەڵەشێر جارچی خۆرە و نازناویشی مارخەسرەوە و هێزی چەرخی ئەڕادەی درەوشاوەی ئیزەد ئێنلیلە. ئیزەد ئێنلیل خاوەنی هەسارەی تیر یان عوتارۆدە و بە لاتین پێی ئەڵێن مێرکوری و لە ئاوێستادا بە مارکار ئەیناسن واتە ڕەوان ی چەرخ. واتە هێزی پاڵنێوەنان و سووڕانی چەرخ.

لە ماجەرای هەڵمانەدا تۆ ئەکەویتەوە بیری ماجەرای هەستانەوە لە مەرگ بە ڕوانین بە ژیانی ئیزەد ئوتو وا لە خۆردا دەژی و خۆر هەڵدێ و ئاوا دەبێ. ئەوەش ڕەمز و هێمای بێمەرگی یە. بە تایبەت مارخەسرەو تیشکی ئاگرە لە ئاوی ژیاندا و دەبێتە هۆی درووست بوونی گەوهەری ژیان.

لە هەڵمانەدا تۆ لەگەڵ چەند نەریت رووبەڕوو ئەبیتەوە وەک قوربانی کردن، ئەندێشە کردن و گوێ گرتن، پاڕانەوە و نزا کردن، گریان و رۆ بە هۆی جوانەمەرگی و بێبەش بوون لە ژیان لەم جیهانەدا.

لە هەڵمانەدا تۆ لەگەڵ ئەشکەوتێکدا ئاشنا ئەبی وا ژیان تێیدا دووبارە ئەبێتەوە بۆ هەڵمانەی قارەمان. لەم پرۆسەدا تۆ باسی گەمی و بارخانە و گواستنەوە ئەبینی. ئەمانە هەموو ئاماژەن بە بووژانەوەی ژیان، هەستانەوە لە مەرگ و نەمرایەتی ڕۆح و ناخ... بەڵام یەک شت کە گرنگە باسی ژیربوون و خڕەمانی هەڵمانەیە وا ئەگەڕێتەوە بۆ بنەمای هەبوون واتە گەوهەری ژیان وا خڕەت یا گومان کردن و زانیاری یە.

بە گوێرەی ئەو دووبەشەی دیکەی "چوار- سەربردە" وا سێهەمیان ئێستا لە بەر دەستاندایە دیسان دووبارەی ئەکەمەوە من زۆر بە کورتی و بێ شیکردنەوە ئەم دەقە بڵاو دەکەمەوە. دیارە لە زۆر شوێندا وشەم زیاد کردوە بە دەقە چونکە وەرگێڕەکەی نەیزانیوە ئە وشە چیە لەبەر ئەوەی لە چەند شوێندا تابلۆی چیرۆکەکە ڕووشاوە یان شکاوە یان سوواوە و نەیزانیوە ئەمە چ وشەیەک بووە. بەڵام من زانیومە و دامناوە لە جیاتی ی وشەی نەماو. لە بەر ئەوە من ئەزانم ماجەرای هەڵمانە باسی چی ئەکا.

هەڵمانە بەردی بناغەی کولتوری مسری کۆن واتە " قبت"ە.

با بڵێم چۆن:

پێش لافاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شارستانیەتی کاش پی هەبوو، ئاسەوارەکەیان لە گردی مرازان یان خراب رەشکێ ی ڕها لە باکووری کوردستان ماوەتەوە. قەڵای ئارونا لە سەقز قیبلە و پایتەختی ئەم شارستانیەتە کوردییە بووە. دوای لافاوی گەورە ئەم شارستانیەتە لە باکووری کوردستان دەستی پێکردوەتەوە و دیسان تەشەنەی بە چوار دەوری خۆیدا کردوە هەتا گەیشتووەتە مسر و باڵکان و ئەڵمان وسعودی و ئیسراییل و قەفقاز و بەلوچستان و ئاسیای ناوەڕاست و هندستان.

ئەڵمان ئەم فەرهەنگەی ڕاگواستە بۆ فەڕەنسا و بریتانیا و ئەسکاندیناڤیا.

بەڵام چ شتێک بووتە هۆی بەناوبانگ بوون و هۆگرایەتی خەڵک بۆ ئەم بابەتە؟

کێشەی " مەرگ".

مرۆڤ لە بەسەرهاتی دوای مەرگ هیچی نەزانیوە و ئەوەش ترساندوویەتی بەڵام بە خەون و ڕامان بینین بە مردووەکانەوە زانیویەتی ئەو کەسەی وا ئەم کڵێشە و جەستەی بە جێهێشتووە لە جیهانێکی تر دەژی. هەروەها ژیانی دووبارە پەیوەست بە شتێکەوە بووە وا لەم جەستە وا دوای مردن کرم هەڵدێنێ و بۆن ئەکا و ئەڕزێ و لەناو ئەچێ بەهێزتر بووە... بیری لێکردوەتەوە و ناوی ناوە ئەڕوان یان ڕەوان... ڕەوان واتە شتێک وا ئەڕوا و ئەخزێ و ڕائەخوشێ و دزە ئەکاتە هەموو کەلەبەر و کەلێنەکان... هەر بۆیە لە زمانی سیمبۆل دا بە مار ناسێندراوە. لە بەر درگای لالەشی هۆشمەند دا تۆ مار دەبینی وا داکوتراوە بە دیوارەوە. واتە ئەم شوێنە نەمرە و ناخی تێدایە ، ڕەوانی تێدایە بەڵام ڕەوانی هۆشمەند واتە خڕەوان. خڕەوان سفەتێکە بۆ ماردۆخ ئیزەدی زانا و بە هۆی زانایی ناخیەوە ئەم جیهانەی لە فۆڕمی تەجریدییەوە هێنایە جیهانی ئۆبژەوە واتە جیهانی بەدیهاتوو وا جووڵەی تێدایە.

کەواتە خڕەوان بە واتای پارێزگاری زانایی و هۆشمەندی، خاوەن ڕەوان واتە ڕۆحی زانابیە. هەربۆیە زانابوون بنەمای جووڵەی زیندووبوونە. ئەوەش واتە زانایەتی ڕۆح بەدی دێنێ و ڕۆح لە پێش مادە وەیە. بە هۆی زانابوونە وا هەبوون دێتە قۆناغی ژیان. ئەو هەبوونەی وا لە ڕاماندایە و بە بیرکردنەوە دەخولقێندرێ و دواتر هەر بە هۆی ئەو زانابوونەوە کاری بۆ ئەکرێ کراسی ژیان بکاتە بەری و ببێ بە مادە و بجووڵێ.

بەڵآم ئەی مەرگ چیە؟ داکەندنی کراسی ژیان لەبەر و جیابوونەوەی ڕۆح لە جسم. ئەی چۆنە وا ئەو ڕۆحە وا جیا ئەبێتەوە لە جسم هەڵناوەرێ و ناڕزێ و ناپرتوکێ و بۆن ناکا و لەناو ناچێ وەک کڵێشە و تەرم؟

لە بەر ئەوەی ڕۆح لە نوور درووست بووە و بریتییە لە ئێنێرژی و هێز وا لە تیشکی خۆر بەدیهاتووە. ئەم ئینێرژییە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ بووە و گەوهەری لێدرووست بووە و گەوهەر بنەمای ئەو ژیانە مادییە یە وا مرۆڤیش بەشێکە لێی. لە پرۆسەی درووست بوونی گەوهەردا پێنج ئیزەدی ئێنکی، ئیناننا و ئەشنەو و ئێنلیل و دوموزید لە ژێر چاودێری ئیزەد ئانودا هاوکارییان کرد و گەوهەریان بەدیهێنا و ماردوخ ئەو گەوهەرەیە وکاتێ دیار کەوت خۆشەویستی و جوانی و کوڵەکەزێڕینە دەرکەوت. ماردوخ ئەوەندە خۆشەویست و نازدار بوو کرا بە جێنشینی باوەگەورەی واتە " ئانو".

کاتێ ماردوخ هاتە سەر دنیای ئۆبژە خنجێرێکی بە دەستەوە بوو. گای سپی کوشت و داری ژیان و داری خڕەت لە خوێنی گای سپییەوە ڕوا. هەروەها ماردوخ ئاوی ئاوس کرد بە خنجێرەکەی و بارانی درووست کرد... ئەو ئاوە ڕژایە سەر زەوی و کانی ژیانی لێ بەرهەم هات. ئەو ئاوە خوێنێ گا بوو وا ڕژایە کاسەی قوربانی کردنەوەکە. ئەو کاسە جامی مانگە...

بەڵام هەڵمانە کێیە؟

هەڵمانە، قەڵەندەر، ئەوداڵ و سێزدە کاراکتێری تر هێمای تێغی خنجێری ماردوخ ن. واتە هەر شوێنێکی ئەو خنجێرە ناوێکی هەیە و ناوی یەکێ لەو پازدە کەسەیە وا ئێمە سیانیان ئەناسین بۆ نموونە... ئەوان حوکمداری پازدە شاری هەرێمی ساگیگا، ساکیکا، کاسکی، کاشی، سەکایی ن.

کاشی یان سەکای هەمان کاسە و جامی قوربانگەی گای مەردوخە.

شارستانیەتە کۆنەکانی هیتی، سومەری، کاشی، میتانی،ماننا-مای، سوبارو، ئورارتو، ئاشور، ئاگاد، بابیل ، ئەشکانی، ساسانی و شالیارمانی و ئەوانی تر هەمووی کۆپی ئەم وێنایان کردووە لە درووست کردنی شارستانیەتی خۆیاندا.

هەڵمانە یان لوگالباندا خۆی بە شوان ئەناسێنێ، مانی یش خۆی بە شوان چوخا( کوێخا) ئەناسێنێ. کوێخا واتە دەسەڵاتدار. کوێخاش ماردوخە. ماردوخ سەرگەورەی زانایانە. کەواتە هەرکەس ئەچێ بە شوێن زاناییدا شوێنکەوتە و بەردەستەی ئیزەد ماردوخە.

هەڵمانە شوان ماردوخە بەڵام بۆ ناوی ماردوخ ناهێنێ؟ لەبەر ئەوەی ماجەرای هەڵمانە و قەڵەندەر و ئەوداڵ و ئەوان هی سەردەمی پێش ئافراندنی ماردوخ ە و هێشتا چیرۆکەکە لە جیهانی ئابستراکدا بووە. کاتێ ماردوخ بەدیهات و خنجێرەکەی وەشاند و پەردەی خەیاڵی دڕی هەموو شت دەرکەوت.

هەڵمانە چیرۆکی سەرگەردانی ئەرواحە وا پێیان لە دنیا نەبڕیوە و ئەقڵ ئەکەن بە هاوسەفەری خۆیان و دەرفەتی دیکەیان پێئەدرێ بگەڕێنەوە بۆ ژیان.

ناوی هەڵمانە یان لوگالباندا پەیوەستە بە گەلەستێرەکانی ڕاوچی و حەوتەوان و حەوتبراوە. هەروەها ناوی هەڵمانە لە زۆر شوێندا تۆمار کراوە. لە هەڵمانە و مەندەلی یەوە بگرە هەتا هەمەدان و ئەڵوەن و ئاڵبانی و ئەڵمان و هالووین.

دیسانەوە ئەڵێم هەمەدان هیچ کات پایتەختی ماد(میدی) نەبووە. پایتەختی ماد و شالیارمان و ساسانی بێستون وهەرسین بووە و ئەنگومان ی کوێخاکان ی ماد، واتە دەستەی ڕاوێژگاران پەیوەندی بە نێوی

هیچ شارێکەوە نەبووە. ناوی هەمەدان هەمان ئەڵوەند یان هەڵمانەیە وا چیاێکە و هەمەدانی کۆنی پێوە بووە.

تەنیا ئەوە زیاد دەکەم کە جەژنی هالووین ی ئەمریکاییەکان لە هەمان ڕۆژی جەژنی خاوەن کار دا دەگرن و باسی گەڕانەوەی ڕۆحی مردووەکان ئەکا و هەروەها بۆنچروکی گۆشتی برژاو بۆ ئەوەی مارەکان بگەنە سەر چاڵی خوێنی بزنە قوربانیکراوەکان و گامێشە سەربڕاوەکان.

هەموو ئەمانە یەک سەرچاوەن و یەک هێمان و هەڵمانە ئەمانخاتەوە بیری هەڵمانەی هەورامان و پێشتر باسم کردووە ماجەراکانی قەلەندەر و ئەوداڵ و هانە و ئیزەدەکانی ئاننوناکی هەمووی لە کوردستانی کۆندا ڕوویانداوە. شارستانیەتی کورد، کۆنترین شارستانیەتی ناسراوی مێژووی مرۆڤایەتین.

دیسانەوە وەبیرتان ئەهێنمەوە هەڵمانە هەمان چیرۆکی لوگالباندای سومەری یە و:

هوریەکان و سومەریەکان و گوتی- کاشی-ئەلوپی یەکان( گیتی، هیتی، میتانی،مادماننایی، سەکایی، ئەشکەنی، ئەشکی، ماهوانی) لە مەنتقی ئافراندن دا لە فورمولی "شیماخخاشەخشە"دا خۆی دەگرێتەوە و منیش بە داوای لێبوردنەوە لێرەدا ئەم فۆرمولە شی ناکەمەوە. شیماخخاشەخشە لەوانەیە بە زمانی ئەوڕۆ پیی بڵێن شیواشۆک... شیواشۆک کێڵگەیەکی نەوتە و لە نێوان کۆیە و تەق تەق دایە. لە چیرۆکی هەڵمانەدا باسی نەوتیش کراوە. گەلۆ پیکهاتەی سەرەتایی مرۆڤ لە ماکە ئالی یەکان ی وەک نەوت نەبێ؟

ئەوەی وا دەشبینرێ لە ڕواڵەتی تابلۆکانی لوگاڵبەندە دا مرۆڤ ئەخاتەوە بیری دەرخۆنەی بیر. ئەمجارەیان زۆرم هەوڵدا هەندێ شت زیاتر شی بکەمەوە و پێموابێ هەر ئەوەندەش بەسن.

***

١٩-١. ئەو سەردەمەی وا لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا ئاسمان لە زەوی ئەبووەوە، ئەو کاتەی وا لە دێرین دەمدا ئەوەی شیاو بوو...

ئەو کاتەی وا دوای جۆزەردان، جۆخین ئەکرا(خەرمانی جۆ ئەکرا) و کولێرەی جۆ ئەخورا(؟)، ئەو کاتەی وا مەزراکانیان سنووردار دەکرد، ئەو کاتەی وا بەردەکانیان دادەنا و نێوەکانیان لە سەریاندا دەنووسی، ئەو کاتەی وا کەندەکان وجۆگەئاوەکانیان خاوێن ئەکردەوە،

ئەو کاتەی وا ... بیرەکان ڕاستەوخۆ هەڵئەکەندران. ئەو کاتەی وا بەستێنی فرات، چەمی پڕئاوی نوزی کرایەوە، ئەو کاتەی وا...، ئەو کاتە وا...، ئەو کاتەی وا ئانو سڕیەوە...

ئەو کاتەی وا پۆستەکانی " ئێن" و " شا" لە وەنەوشە کەڵکی لێوەرگیرا، ئەو کاتەی وا داردەس و گۆچانی بالەک لە لای سەرووە دادەنران لە شەڕی... لە شەڕی، کایەی ئیزەد هانە، ئەو کاتەی وا ساگ گیگاها( سەکا، کاشی، زەنگنە، گەنزەنە، ئەنشەنە) بەرەکەتیان پێدرا بە تەمەندرێژی لە داب و نەریتی خۆیاندا...

ئەو کاتەی وا بزنەکێوییەکانیان بە سمە قاییمەکانیان و مەڕەکێویە جوانەکانیان بە شاخە کانیانەوە پێشکەشی قەلەندەر کوڕی ئوتو کرد-

٣٤-٢٠. ... ئێستا لەو کاتەدا خاوەن شکۆ تێلاکەی بەرەو شار بەڕێ کرد، قەلەندەر کوڕی ئوتو، شەڕی دژ بە تیراوێ ، کێوی هێزە پیرۆزەکانی پەروەردگار ئامادە کرد. قەلەندەر ئەیویست بەڕی کەوێ بۆ لەنێوبردنی وڵاتی یاخییەکان. خاوەن شکۆ دەستی کرد بە کۆ کردنەوەی هێزی خەڵکی شارەکەی خۆی.

جارچی فووی کرد بە کەڕەنادا و لە هەموو شوێندا دەنگی دایەوە. لە ئێستادا، وەنەوز(نوژو، تاریکی)

لەگەڵ دەسەڵاتداری تێگەییشتوو بەرەی داگرت، لە ڕاستیدا بەڵەکە (بەڵخە) بە دوای قەلەندەردا هات. باجی وەنەوز لافاو بوو، باجی بەڵخە هەورەهەڵا بوو.

هەروەک چۆن هەرد و بەردیان بە مژێکی قورس داپۆشابوو، لێلاییەکی خەست(شایی جنۆکە)یان بەرپا کرد کە سەری لە ئاسمان بوو. ئەڵێی لە نایابترین دەنکە دەغڵەوە هەستاوە، بانگەوازی خەڵکی کرد. هەر کەسەو بە جۆری خۆی.

٣٥-٤٦. سەرگەورەکەیان چووە ژووریانەوە تاکوو بەرەو سەری ئارتەشەکە بڕوات. قەڵەندەر چووە سەریانەوە تاکوو بگاتە بن ئارتەشەوکەوە.

دوو دێڕ ناڕوونن...

... گو- نیدا(دەنکی) ئەممەر- گراین(مارەکرەن) بە لێشاو باڵای کرد. کاتێ ئەو دادپەروەرە (قەڵەندەر) لەگەڵ ئێنلیل ڕاوێژ ئەکا، گشت بەڵخە (گوڵپا، باڵەک) ئەبا، وەک مێگەلێ وا لە بناری کێوەکاندا ئەلەوەڕێن،... لە لێواری گردەکاندا وەک کەڵەکێوی خۆیان وەپێشدا دەدا. ئەو لە دوای ...(ئێنلیل) لە تەنیشدا بوو. ئەوان ڕێگەکەیان ناسیەوە( شارەزا بوون). ئەو بە دوای ...

٤٧-٥٨. پێنج ڕۆژ تێپەڕ بوو. لە ڕۆژی شەشەمدا خۆیان شوشت. لە ڕۆژی حەوتەم دا دایان بەکێودا. دوای ئەوەی لە کەل و کەژیاندا... لافاوێکی گەورە لە لای سەرووە شۆڕەوە بوو بەرەو کەنداوێک...

دەسەڵاتدارەکەیان واتە قەڵەندەر، لافاوسوار، کوڕی ئوتو، کانزای درەوشاوەی نایاب، لە ئاسمانەوە دابەزییە سەر زەوی. سەری لە بەر نووردا ئەدرەوشێتەوە. تیرە دڕووودارەکان وەک هەورە تریشقە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن. بە قەبرغەیەوە تەورە تیژە مەفرەق( پەرمەک)ەکەی ئەدرەوشێتەوە، ئەو بە تەورەکەیەوە بە خێرایی بەرەوپێش ئەڕوا، وەک سەگێ وا خەریکی خواردنی کەلاکە.

٥٩-٧٠. لەو سەردەمەدا ئەوان حەوت کەس بوون، حەوت کەس بوون ئەو گەنجانەی وا لە کولابە( بالەک، گوڵپێ) لە دایک ببوون. ئیزەد ئوراش ئەو حەوت فریشتەی هێنابووە دنیاوە، مانگا کێوی شیری پێدابوون.

ئەوان عەگید بوون، لە سومەر دەژیان. ئەوان لە سەر سفرەی ئیزەد ئانودا پەروەردە ببوون. ئەم حەوت کەسە چاودێری ئەو کەسانە بوون وا ژێردەستەیان بوون. ئەوان فەرماندەی کەسانی ژێردەستی خۆیان بوون، ئەوان سەرکردەی کەسانی ژێر دەستی خۆیان بوون.

ئەوان چاودێری سێسەت کەس بوون و هەر یەکەیان سێسەت کەس بوو. ئەوان سەرۆکی شەشسەت کەس بوون و هەریەکەیان شەشسەت کەس بوو. ئەوان سەرکردەی حەوت شار بوون واتە بیست و پێنج هەزار و دووسەت سەرباز و هەر یەکەیان بیست و پێنج هەزار و دووسەت سەربازن. ئەوان لە بەردەم پەروەردەگاردا بە نێوی شەڕوانانی ئازا ڕێزکراون.

٨٦-٧١. هەڵمانە هەشتەمیان، ... لە ئاودا شوشتیان. لە بێدەنگییەکی سەیردا چووە پێشەوە،... لەگەڵ هێزەکانیدا وەرێکەوت. کاتێ نیوەڕێیان پێوا، لەوێدا نەخۆشێک پێیگەییشت. سەری نەخۆش تووشیبوو.

وەک مار، وا بە زەل( شمشاڵ) بە سەریدا دەدەن ئەجووڵێتەوە، ئەجوولا. دەمی قەپی لە تەپ و تۆز گرت وەک ئاسکێک وا کەوتبێتە داوەوە. ئیتر نەیدەتوانی دەستی بجووڵێنی، ئیتر نەیدەتوانی لاقی هەڵبێنێ. نە خاوەن شکۆ و نە سەربازان نەیانتوانی یارمەتی بدەن.

لە چیا گەورەکان وا وەک هەورە تۆز(مژ) بە سەر زەویدا کۆ ببونەوە، گوتیان: با ئەویش بهێننە وەنەوز. بەڵام نەیاندەزانی چۆن ئەتوانن بیهێنن. بیهێنن بۆ بالەک، گولپێ، بەڵام نەیاندەزانی چۆن ئەتوانن بیهێنن. چونکە ددانەکانی لە شوێنە ساردەکاندا ئەیدا لە یەک( ددانەتەقەی پیکەوتبوو)، هێنایان بۆ شوێنێکی گەرم لەوێ.

١٢٢-٨٧. ... هەوێشخانێک، وەک هێلانەی باڵندە لە شووڵە تەڕ چنیبویانە. ... خورما، هەنجیر و جۆرەکانی پەنیر. شەربەتە سازگارەکانیان بۆ نەخۆشەکان ئەخستە سەوەتە خورماوە و ئەیانخستە ماڵەوە. ڕۆنە جۆراوجۆرەکانی گاوەخان، پەنیری تازەی گەلەخان(مێگەل)، کەرەی ... یان بۆی دانا، هەر وەک ئەوەی خوانی پیرۆز، جێگە و شوینی بەقیمەت ( وەک قوربانگە) ئەچنن.

ڕێک لە بەردەمیدا لە سەر مێز، ئاوجۆیان بۆ ڕیز کرد لەگەڵ دۆشاوی خورما و بابۆڵەی نان و کەرە.

دەخڵ و دان ئەکرانە چەرمەگاوە، زەوادەکان ئەکرانە گاوسەوە... برا و برادەرانی، وەک گەمی وا لە شوێنی داگرتنی بار واتە بارخانەوە بار دادەگرێ، لە لای سەریەوە کەندوەکانیان لە ئەشکەوتەکەدا دانا.

ئاویان کردوەتە مەشکۆڵەکانیان. ئاوجۆی ڕەش، ئارەق، ئاوجۆی سووک، شەربەتێ وا بەتامە کرایە مەشکەکانەوە و ئەویش سەری هەموویانی داپۆشی.

لە چاڵەقووتەدا ئەم شتانەیان بۆی درووست کرد: ڕۆن بخور، گوڵاو، ڕۆنی لیگیبدا و کوندور و شلاوی نایاب لە سەر سێ کوچکەی مەنگەڵ ( گەڵوەن، هەڵوەن، ئەڵوەن، مەنجەڵ)ی (گاوملە، کومال، حمل، قاولەمە، لوگال، گالول، کلیایی، گەلالە، گەلنو، نوکەل)ی دیکل(کلدە). گشت ئەوانەیان لە دیواری ئەشکەوتەکەدا بە ژوور سەریەوە هەڵواسی.

تەورەکەی وا لە کانزای قالایی درووست کراوە و لە کوێستانی زوبی(زاوە) یەوە هێنابوویان لە سەریدا توندیان کرد. خنجێرە ئاسنەکەی وا لە کوێستانی گیگ (زاژ)وە هاتبوو، ئالاندیان لە سینگیەوە.

چاوەکانی سەرچاوەی جۆگەکانی ئاودێرین چونکە پاراون بە لافاو. پێلۆو(درگا)ی چاوەکانی گەڵوان بە کراوی مانەوە بە ئاراستەی ڕاست( آسمان).

لە لەغاوەی دەمیدا چڵەشاخەکانی هاتوونەتە دەرەوە و وەک تیشکەکانی خۆری شەشە شۆلاوەی بەستبوو. چاوی بە ڕووی برادەرانیدا نەدەکرایەوە. کاتێ گەردەنیان هەڵێنا ئیتر هەناسەی تێدا نەمابوو. برا و برادەرانی پێکەوە ڕاوێژیان کرد.

١٢٣-١٢٧. ئەگەر براکەمان وەک ئوتو لە خەو هەستێتەوە، ئەو ئیزەدەی وا لێیداوە، لائەچێ و کاتێ ئەو چێشتە ئەخوات، کاتێ ئەو شەربەتە ئەخواتەوە()، لاقەکانی ڕاوێستاو ڕادەگرێ وئەیبا ڕوو بە بەرەوژوورایی چیاکان تا دیوارە بەردینەی بالەک(کولابا، پاکڵەی ئینکی)

١٢٨-١٣٢. بەڵام ئەگەر ئوتو براکەمان بانگهێژ بکا بۆ شوێنی پیرۆز، شوینی بایەخدار، سلامەتی جەستەی وازی لیئەهێنێ( جەستەی ئەگەنێ؟)، کەواتە ئەرکی ئێمەیە کاتێ لە تاراوە، تیراوێ ئەگەڕێینەوە تەرمی براکەمان ببەینەوە بۆ پاکڵەبەردینە.

١٣٣-١٤٠. وەک گایەلە بێگاوانەکەی نانا، وەک گاپیرێک وا خراوەتە ناو گاوەخانەوە، برادەران و براکانی هەڵمانەی پیرۆزیان لە ئەشکەوتە کوێستانیەکەدا بەجێهێشتووە و برا گەورەترەکانی هەڵمانە بە شین و شەپۆڕان و گریان وئاخین و فرمێسک بارین و ناڵەوە ڕوویان کردە کوێستانەکە.

١٤١-١٤٧. دوو ڕۆژ بوو هەڵمانە نەخۆش بوو. بەم دوو ڕۆژە، نیوەڕۆژێک زیاد کرا( کانی نیمەڕۆژە). هەروەک چۆن ئوتو ئاوڕی داوە بەرەو ماڵەکەی، لەو کاتەی دا وا ئاژەڵان سەریان بەرەو هێلانەکانیان هەڵئەهێنا، لە کۆتایی ڕۆژدا لای ئێوارەی فێنک، لەشی دەتکوت بە ڕۆن چەور کراوە. بەڵام هێشتا نەخۆشین بەرۆکی بەرنەدابوو.

١٤٨-١٥٠. کاتێ چاوی بڕییە بەهەشتەکەی ئوتو، وەها بۆی گریا ئەتگوت بۆ باوکیەتی. لە ئەشکەوتەکەدا دەستە جوانەکانی بەرەو ئوتو هەڵێنا و گوتی:

١٥١-١٧٠ . ئوتو سڵاوی منت لێبێ! با لەوە زیاتر نەخۆش نەبم! ئەی پاڵەوان، کوڕی نینگال(نەنەڵە)، سڵاوت لێبێ! با لەوە زیاتر نەخۆش نەبم! ئوتو! جەنابت ڕات لە سەر ئەوە بوو من لەگەڵ هاوڕێکانم بێم بۆ کوێستان.

لە کەلێنی کێودا، شوێنی هەرە تۆقێنەری سەر زەوی، با ئیتر نەخۆش نەبم! لێرە وا دایک نیە، باوک نیە، نامۆیە، کەسێ نیە کە من هۆگریم بۆی هەبێ، دایکم لێرە نیە وا بملاوێنێتەوە و بڵێ " وەی ڕۆڵە گیان!"، براکەم لێرە نیە کە بڵێ ئۆف براگیان! دراوسێکانی دایکم لێرە نین و بێن بۆ ماڵمان بۆ شینگێڕان.

ئەگەر ئیزەدە پارێزەرە نێر و مێوەکان لێرە بوونایە، ئیزەدی دراوسێتی دەیگوت: با پیاو نەمرێ!. سەگی بەرەڵا خراپە. پیاوێکی ونبوو تۆقێنەرە. لە ڕێگە نەناسراوەکانی لێواری کێودا( هێڵی ئاسو)، ئوتو، پیاوێکی ونبووە، یەک پیاو لە ڕەوشێکی تەنانەت هەرە تۆقێنەردا.

مەکە کارێ وا وەک ئاو لە مەرگێکی تۆقێنەردا ڕاخوشێم. خوێم مەکە وەک ئەوەی جۆم! مەکە کارێ وەک کوتەک بکەومە چۆڵەوانییەکی نامۆوە. نەخۆش و بێتوانام مەکە بە جۆرێ وا ببمە هۆی ئازار و سەرلەنگی بۆ برادەرەکانم. چاکم بکەوە با نەبمە هۆی گاڵتە و جەفەنگی برادەرانم. مەکە کارێ وەک مرۆڤێکی لاواز لە کوێستاندا کۆتاییم پێبێ.

١٧١-١٧٢ . ئوتو پاڕانەوەکانی لێوەرگرت و فرمێسکەکانی قەبووڵ کرد. ئوتو مژدە ئاسمانیەکانی خۆی لە ئەشکەوتەکەدا ناردە خوارەوە بۆ هەڵمانە.

١٧٣-١٨٢ . ئەو ژنەی وا ... درووست ئەکا بۆ هەژاران، کایەکەی شیرینە، بەدکارەیەک وا ئەچێتە میوانخانەیەک، ژووری نووستن خۆش ئەکا، چێشت لێدەنێ بۆ هەژاران، ئیزەد هانە( ئەستێرەی سیوەیل) کچی شوئێن( شەو) وەک کەڵەگا لە زەویدا لە هەمبەریدا هەستایە سەر پێ.

ڕووناکاییەکەی وەک تیشکی شارای پیرۆز، ئەشکەوتەکەی بۆ ڕوون کردەوە. کاتێ چاوەکانی بڕییە ئیزەد هانە، ئەتگوت لای باوکی ئەگری. لە ئەشکەوتەکەدا دەستە جوانەکانی بەرەو ئیزەد هانە هەڵێنا:

١٨٣-١٩٦ . هۆ هانە! ئەگەر ئەم خانووە تەنیا هی من بوایە، ئەگەر ئەم شارە هەر هی من بووایە! ئەگەر تەنیا گوڵپیێ(پاکڵە) بووایە وا دایکم منی لەویێ بە دنیا هێنابوو...! تەنانەت ئەگەر بۆ من بووایە وەک زەوی بوورە بۆ مار! وەک کەڵێنێ لە زەوی بۆ دوپشک بێ! نەتەوەی بەتوانای من ...! خانمە گەورەکانی من...! ..... بۆ ئێئانا( هەناوە، هەمانە)

دوو دێڕ نادیارە لە تابلۆکەدا.

کولۆ بەردەکانی، بەردە درەوشاوەکان لە شکۆیاندا، بەردەکانی ساگکال(زەنگۆڵە) لە سەرەوە، ... لە خوارەوە، بە زرنگەیەوە لە بنارەکوێستانیەکانی زابۆ( زاب، زێ، کەڵوێ)، لە دەنگیەوە ... کردویەتەوە ... نەکا لە چیاکانی سەوڵ دا جەستەم لەناو نەچێ!

٢٠٠-١٩٧. ئیزەد هانە پاڕانەوەکانی لێ قەبووڵ کرد. بە هێزی ژیانەوە ڕێگەی پێدا وەک ئوتوی نووستوو( ڕۆژاوا) بخەوێ. ئیزەد هانە دایگرت بە خۆشحاڵییەوە هەر وەک ئەوەی کراسێکی پەشمین ئەکاتە بەری. دواتر، ئەڵێی...، چووە پاکڵەی بەردینەوە.

٢١٤-٢٠١ گۆلکی ئاسمانی پیرۆز(خەڵفی مەرد) هات بۆ پاراستنی.

(خوینەری بەڕێز! لە دەقەکەدا وەرگێربە گۆلکی مانگ واتای ئەکا، بەڵام وەرگێڕ ئەوەی خۆی زیاد کردوەە بۆی. گۆلکی مانگ واتە گۆلچەرمو پارێن یان جوانەگایە. بەڵام گۆلک لەگەڵ دایکیدا دەردەکەوێ بۆیە بە خەڵفی تەڕ واتە چرۆی تەڕی مێو پێناسە دەکرێ و ئەو پەسنە نازدارەش بۆ ئیزەد ماردوخە وا گۆلچەرموو گۆری ئەکات....)

ئەو کەڵەی وا شۆروای ڕەش ئەخوا، گوێرەکەی پیرۆزی ئاسمانی( ئەمەرتو، مەردو) هات تاکوو پارێزەری بێ. ئەو وەک ئەستێرەی بەیان لە ئاسماندا ئەدرەوشێتەوە(؟)، ئەو شەو بە گزنگ( زاگیگا) ڕووناک ئەکاتەوە، شەو بە نێوی مانگی تازەوە(شوشما) پێشوازی لێدەکرێ. باوکە نانا(نانارشکی) تیشک ئەخات بۆ ئەوەی ئوتو زیاتر گەشە بکات.

ئەو خودا شکۆمەندە وا شیاوی تاجە، شوئێن، کوڕی خۆشەویستی ئیزەد ئێنلیل گەییشتە ترۆپکی شکۆی ئاسمان.

تیشکەکەی وەک درەوشینی پرئەستێرە، ئەشکەوتەکەی بۆ ڕۆشن کرد. کاتێ هەڵمانە چاوەکانی بەرەو شوئێن بەرەو بەهەشت هەڵێنا، وەها بە سەریدا گریا ئەتگوت بۆ باوکی دەگری. لە ئەشکەوتدا دەستە جوانەکانی بەرەو ئەو هەڵێنا:

٢١٥-٢٢٥. تۆ ئەی ئەو دەسەڵاتدارێ وا لە دوورایی ئاسماندا کەس پێیناگاتەوە! شوئێن وا لە دوورایی ئاسماندا کەس ناتوانێ پێیبگاتەوە! ئەو دەسەڵاتدارەی وا دادپەروەریی خۆش ئەوێ، وا بێزارە لە خراپە! شوئێن ئەویندارى دادپەروەرییە، وا دژبەرى خراپەکارییە! دادپەروەرى شادی و خۆشی ئەهێنێتە ناو دڵتانەوە.

سنەووەر، گۆچانی گەورە،واتە داردەستەکەت بۆ درووست ئەکا، ئەی ئەو کەسەی وا ڕێسمانی دادپەروەریت کردوەتەوە و بەنی خراپەکاری ناکەیتەوە. کاتێ ڕووبەڕووی بەد و خراپە ئەبیتەوە پاشەکشەی پێدەکەیت. کاتێ دڵت تووڕە ئەبێ، تۆ چزە لە خراپە هەڵئەستێنی وەک چۆن مار ژاری خۆی ئەڕێژێ.

٢٢٦-٢٢٧. شوئێن فرمێسکەکانی لێوەرگرت و ژیانی پێدایەوە. هەڵمانە هێزی دا بە خۆی و هەستا سەر پێ.

٢٢٨-٢٣٩. دووهەم جار واتە لە خۆراسانی دووهەم دا، کاتێ کەڵگای نوورانی لە ئاسۆوە دەرئەکەوێ، گای نێر لە نێو سەوڵاندا پاڵ ئەداتەوە، سپەر( سینی) ڕاوێستاو بە زەویدا لە لایەن ئەنجومەنەوە سەیر ئەکرێ، ئەو سپەرەی وا لە خەزێنەوە دێتە دەرەوە، لە ژێر چاودێری پیاوانی گەنجدا ... ئوتوی گەنج شکۆی پیرۆزی خۆی لە بەهەشتەوە بەرەو خوار شۆڕ کردەوە. تیشکی ئوتوی پیرۆز، ئەشکەوتەکەی بۆ ڕوون کردەوە، ئوتو ئەم شتانەی بە هەڵمانە خەڵات کرد.

خواوەندە پارێزگارە مێهرەبانەکەی لە پێشیەوە بوو و خواوەندە بانەبەژنە پارێزگارە مێهرەبانەکەی لە پاشیەوە بوو. ئەو خواوەندەی وا لێیدابوو لاچوو. کاتێ چاوەکانی بەرەو ئوتو ڕوانی، وەک ڕۆڵەیەک وا ئەگری بۆ باوکی، بۆی گریا. لە ئەشکەوتەکەدا دەستە جوانەکانی ڕوو بەو هەڵێنا و گوتی:

٢٤٠-٢٦٣. ئوتو! ئەی شوانی سەرزەوی، باوکی سەر ڕەش! کاتێ تۆ دەنووی، خەڵک لەگەڵ تۆدا دەنوون، ئوتوی بەگوڕ! کاتێ تۆ هەڵئەستیتەوە، خەڵکیش لەگەڵ تۆدا هەڵئەستنەوە. ئوتو! بێ تۆ نێچیروانان داو ناتننەوە بۆ گرتنی مەلێک، هیچ کۆیلەیەک نابەن بۆ یەخسیری.

بۆ ئەو کەسەی وا تەنیا ڕێگە ئەپێوێ، تۆ هاوخوانی براکەی ئەوی. ئوتو، تۆ سێهەم کەسی بۆ ئەوانەی وا جووت جووت سەفەر ئەکەن. تۆ بریقەی گەوهەری ملوانکەی ملی خەڵکی. تیشک و نوورت وەک کراسی پیرۆزی زولومەی( زورومخی، خرزمی) خەڵکی هەژار و نەدارا و ڕەش و ڕووت دائەپۆشێ. وەک باڵاپۆشێکی سپی تەنی قەرزداران دائەپۆشێ.

پیرێژنان وەک پیرپیاوە دەوڵەمەندەکان، هەتا دوایین ڕۆژانی بەساڵاچوویيان، گۆرانی بە تیشکی شیرینی تۆدا دەڵێنەوە. هەتاوی خۆری تۆ وەک نەوت بەهێزە. کەڵ گا کێویەکان غار ئەدەن بەرەو پێش.

دێرێک نادیارە.

ئوتوی پاڵەوان، کوڕی نینگاڵ(نەنەڵە)... بۆ تۆ.

دوو دێر نادیارە.

برا... براکەی. ئەو ئەبێتە هۆی ئەوەی وا گاوسنەکەی لە ... ڕاوەستێ. پەسنی تۆ زۆر شیرینە هەتا ئەگاتە بەهەشت. ئازای نەبەز کوڕی نینگاڵ، ئەوان بەوەی کە شیاوی بەرێزتە پەسنت دەدەن.

٢٦٤-٢٧٥. هەڵمانەی پیرۆز لە ئەشکەوتی کوێستانەوە هاتە دەرەوە. پاشان ئەو دادپەروەرەی لەگەڵ ئێنلیل ڕاوێژ ئەکات، گیای ڕزگاریدەری ڕوواند.

ڕووبارە ڕەوانەکان، دایکی گردەکان، ئاوی ژیانیان بە دیاری بۆ هێنا. ئەو گیای نۆشداری خوارد و لە ئاوی ژیانی چەند قوم خواردەوە.

دوای خواردنی نۆشدار، دوای خواردنەوەی چەند قوم ئاوی ژیان، لەو شوێنەدا داوێکی دانا و وەک ئەسپی کێوی غاری دا و ئەوێی بەجێهێشت. وەک کەرەکێوییەک بە تەنیا لە شەککان( ئەشکەن، کەشان) بە بەرزی کێواندا ئەسووڕایەوە. وەک کەرێکی زل و بەهێز غاری دەدا. کەری لاواز وا حەزی لە غاردان بوو بەستیەوە.

٢٧٦-٢٩٩. ئەو شەوە لای ئێوارە ، بە هەڵەداوان بە نێو کەژ و کێواندا و چۆڵگە بێروونەکاندا لە ژێر تریفە ی مانگ دا وەڕێ کەوت.

تەنیا بوو و تەنانەت چاوە تیژەکانی کەسی بەچاو نەدەکرد. برادەران و براکانی بەو زاد و تۆشەی وا کردبوویانە مەشکۆڵە و گاوسەکانەوە توانیبوویان بە ئاوی سارد نان بکەن لە سەر زەویدا.

هەڵمانەی پیرۆز شتومەکی لە ئەشکەوتەکەوە ڕاگواستبوو. هێنایانیە لای سکڵەکان. دۆڵچەیەکی پڕ کرد لە ئاو. بارگە و بنەی کردەوە. بەردەکانی هەڵگرت.

پەساپێەس لە یەکیانی دا. سکڵە گەشەکانی لە سەر زەوی دانا. بەردە چەخماخەی ورد تروسکەی درووست کرد. ئاگرەکەی وەک خۆربۆ ئەو، بە سەر زەوییە وشک و برینەکان دا درەوشا.

بێ ئەوەی شارەزای نانەوایی بێ، بێ ئەوەی تەنووری هەبێ، هەر بە حەوت سکڵەخەڵووز، هەویری گیزیێێشتای(تاوشەگوێز، تاوەگوێز) درووست کرد. لەو کاتەدا گردەنان ئەبرژا، قامیشەکانی شولهی(شولخی، چرپی) چیاکان و ڕیشەکان و هەمووشتی کێشایە سەر و لقەکانی لێکەندەوە. هەڵمانە گشت کولێرەکانی بۆ تۆشەی یەک ڕۆژ هەڵگرت.

بێ ئەوەی شارەزای نانەوایی بێ، بێ ئەوەی تەنووری هەبێ، هەر بە حەوت سکڵەخەڵووز، هەویری گیزیێێشتای درووست کرد. بە دۆشاویخورما شیرینی کردبوو.

٣٠٠-٣١٣. گا بۆرێکی کێوی، کەڵەکێوییەکی جوان، گاشێتێک وا شاخ ئەوەشێنێ، گاشێتێک لە برسیتی، لە کاتی پشوودا، بە دوای گاکێویە بۆرەکەی سەر کێوان، شوێنی ناوازە، بەو جۆرە خەریکی کاوێژی گیای بۆنخۆشی شیمگیگ بوو دەتکوت جۆ بوو، داری سەوڵی وەک گیای ئەسپەرێز ئەهاڕی، بە لووتی بۆنی بە لق و پۆپی داری شێنووە ئەکرد.

خەریک بوو ئاوی ڕەوانی ڕووانی ئەخواردەوە، لە "ئیلین نوش" گیای ڕەسەنی چیاکانی کاوێژ ئەکرد. لەو کاتەدا وا کەڵەگای بۆر، گاکێوی شاخان، خەریکی لەوەڕین بوون لە مێرگۆلان، هەڵمانە یەکیانی ڕاو کرد.

ئەو داری عەرعەری لە بن دەرهێنا و لق و پۆپی کرد.  هەڵمانەی پیرۆز بە خنجێرەک ڕیشەی ئەو دارەی وەک ڕیشەی کەما کورت کردەوە. ئەو کەڵگامێشە کێویە بۆرەکە، گاکێویەکەی بە هەوسار کردە ملی.

٣١٤-٣٢٥.  بزنە بۆرێک( بوزو)، بزنی ئەڵۆ( بەڵەکی سپی و بۆر)، بزنی کێچ لێدراو، گیسکەکان، بزنە تەگەکان، بەم جۆرە شمگیگی (کاشمە) بۆنخۆشیان ئەجاوی هەروەک جۆ دەخۆن، داری سەوڵیان ئەلستەوە. ئەمە گیای ئەسپەرێز بوو، بزنەکان بە لەمۆزیان لق و پۆپی داری شێنۆیان بۆن ئەکرد، ئەتگوت گیایە.

ئەوان لە ئاوی ڕووبارە ڕەوانەکانیان ئەخواردەوە، لە ئیلینۆش، گیای نایابی چیاکان ئەخوارد و کاوێژیان ئەکرد. لەکاتێکدا بزنە بۆرەکان و بزنە گەڵوانەکان خەریکی لەوەڕین بوون لە ناو مێرگەکاندا، هەڵمانە  بۆسەی بۆ دانان و دووانیانی گرت.

ئەو داری عەرعەری لە بن دەرهێنا و لق و پۆپی کرد.  هەڵمانەی پیرۆز بە خنجێرەک ڕیشەی ئەو دارەی وەک ڕیشەی کەما کورت کردەوە. ئەو بزنە بۆرەکە و بزنە بەڵەکەکەی بە زنجیر بەستەوە.

٣٢٦-٣٥٠.   بە تەنیا بوو و تەنانەت چاوە تیژەکانیشی تاکە کەسێکی نەدەبینی.

خەو دەسەڵاتدار هەڵمانەی داگرت. هەرێمی خەو، وڵاتی زۆرداری. وەک شەپۆلێکی بەرز وایە ، وەک دەستێکە وا دیوارە خشتینە(دەلۆ) وێران دەکا، دەستێکی هەڵێناوە، لاقێکی بەرز کردوەتەوە. وەک شەربەت پێشی داپۆشیوە و وەک شەربەت دەرژێ بە هەر شتێکدا وا لە پێشیدایە. نە بینەر ئەناسێ، نە سەرۆکێ ئەناسێ، سەرەڕای ئەوەش بە سەر قارەماندا زاڵە.

و بە کەڵک وەرگرتن لە جەلیکی دارینی نین کاسی (ئاوجۆی جام ی هانە) لە کۆتاییدا خەو  هەڵمانەی داگرت. ئەو باخەگیای ئیلینوش(ئیلیموش)ی ڕاخست، ڕایەخی زولومخی داخست بە سەریدا و مەلافەیەکی کەتانی سپی کردەوە.

شوێنێ بۆ خۆشوتن نەبوو. ئەو هەر ئەو شوێنەی وا تێیدا بوو پێبیاش بوو. دەسەڵاتدار ڕاکشا بەڵام نەک بۆ خەوتن. ڕاکشا تاکوو بکەوێتە ڕامانەوە، ...  نەک بۆ گەڕانەوە بۆ بەر درگای ڕامان، نە بۆ گەڕانەوە بۆ گرێژەنەی درگا.

لەگەڵ درۆزندا درۆ دەکات، بۆ ڕاستبێژ ڕاست ئەڵێ. ئەتوانێ مرۆڤێک شاد بکا، ئەتوانێ مرۆڤێک مرۆڤێکی دیکە مەجبوور بکا ئاواز بخوێنێ، بەڵام ئەمە سندوقی ڕاز و نهێنی ئیزەدەکانە. ژووری ڕازاوەی نووستنی نینلیل ە، ڕاوێژکاری ئیزەد هانە یە. بڵاوەپێدەری وەچەی مرۆڤایەتی یە، دەنگی کەسێکی نازیندووە ... زەنگارا، ئیزەدی ڕامانەکان، بە چەشنی کەڵەگایێک چووە کلێشەی خەیاڵی هەڵمانەوە و ئەبۆڕێنێ. وەک گۆلکێک وا دێتە خوارەوە بە(لاقی مانگادا... ئەمە مەسەلی کوردی یە):

٣٥١-٣٦٠. کێ کەڵەکێویەکی بۆر بۆ من سەر ئەبڕێ؟ کێ بەزی ئەو گا بۆ من ئەتوێنێتەوە؟ دەست ئەداتە تەورەکەی من وا لە قاڵایی درووست کراوە، خنجێرەکەم وا لە ئاسن درووست کراوە ئەگرێتە دەست. وەک پاڵەوانێک ئیجازەی پێئەدەم کە کەڵەگابۆرە، گاکێویەکە لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئیجازەی پێئەدەم وەک زۆرانبازێی پێی بدۆڕێ. هێز، لێی بتۆرێ.

پێش هەڵهاتنی خۆر سەری بزنە بۆرە و نێری وەک چۆن جۆ هەڵئەدرێتەوە، کەڵەکەیان ئەکا و پێشکەشیان ئەکات. کاتێ خوێنیانی ڕشتە چاڵێکەوە ...، بۆنی خوێن بیابانی داگرت بۆ ئەوەی مارە زیتۆڵەکانی کوێستان بۆنی پێوەکەن.

٣٦١-٣٧٠. هەڵمانە هەستا لە خەو... ئەمە ڕامان بوو. لەرزا... لە خەودا بوو. چاوەکانی سڕییەوە، هەوڵ ببوو. تەورە قاڵاییەکەی و خنجێرە ئاسنینەکەی هەڵگرت. وەک زۆرانوانێک، گاکێویە بۆرە(کەڵەبۆر)، گاکێویەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، وەک زۆرانبازێک بەزاندی.

هێز و توش بەجێیهێشت. ئەو قوربانیەکی پێشکەش کرد پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ. سەری بزنە ڕوتە و نێری لەسەر یەک نا وەک چۆن جۆ هەڵئەدەنەوە. خوێنەکەیانی کردە چاڵەوە تاکوو بۆنەکەی بە بیاباندا بڵاو ببێتەوە. مارە زیتەکانی کوێستان بۆنی خوێنەکەیان کرد.

٣٧١-٣٩٣. کاتێ خۆر خەریک بوو هەڵئەهات ... ، هەڵمانە، بە ناوی ئێنلیلەوە داوای لە ئانو، ئێنلیل، ئێنکی و نین خورساگا کرد لە میوانخانەی چاڵ، لە شوێنێک لە کوێستان وا خۆی ئامادەی کردبوو ببنە میوان.

خوان کرا، شەربەتیان تێکرد، ... ئاوجۆی ڕەش، خواردنەوەی ئەلکۆلی، ئاوجۆی خاو، شەرابێک وا خواردنەوەی بە دەم خۆشە. وەک ئاودێر ئاوی شیتینی کرد بە سەر دەشتدا. چەقۆی هێنا بە گۆشتی بزنە بۆرەکاندا و جەرگە کانیانی برژاند.

هێشتی دووکەڵ و کزەیان لێ هەستێ وەک بخورێک وا ئەیئێنە سەر ئاگر. ئەڵێی دوموزید تام و چێژی ئاغڵی گاڕانی هێنابوو، هەر بۆیە ئانو، ئێنلیل، ئێنکی و نینخورساگا سەرگوڵی چێشتەکەی هەڵمانەیان خوارد. وەک شوێنی درەوشاوەی هێزی یەکپارچە، نوێژگەی پیرۆزی شوئێن، ... لە سەر نوێژگەی ئوتو و نوێژگەی شوئێن ..... هەڵمانە هەرتک نوێژگەی بە بەردەلازی ئیزەد هانە ڕازاندەوە. ئیزەد شوئێن ... ... . هەڵمانە ئا-ئان-کاری شوشت. کاتێ ئائان کارهاتە شوشتن، گشت کولێرەکانی بە ڕێک و پێکی چنی.

[٣٩٤-٤٣٢.](#) ( ڕوونکردنەوەی شەیتانەکان) ئەوان ...کانی ئێنکی درووست ئەکەن، ئێنکی باوکی خواوەندەکان، ئەوان ...نن، ئەوان ... نن، وەک چڵە هەنجێرێک وا لە شەوقدا ئەشنێتەوە، باسکیان ئاوێزان ئەکەن.

ئەوان کارمامزەکانی شوئێنن وا بازئەدەن، ئەوان قوماشە ساف و خزەکانی نینلیلن، ئەوان یاریدەدەری ئیشکوڕ( گوڕەش)ن. ئەوان کەتان هەڵئەچنن، جۆ هەڵئەدەنەوە. ئەوان ئاژەڵە کێویەکانن وا تووڕەن، ئەوان وەک گەردەلوول لە هەرێمی یاخی وا نەویستی ئیزەد شوئێنە ئەنیشنەوە، لە ڕاستیدا ئەوان وەک گەردەلوول دائەبەزن.

ئەوان بە درێژایی ڕۆژ پشوو ئەدەن، و لە درێژایی شەوگاری کورتدا ئەچنە ... خانووەکانەوە. لە ڕۆژی دور و درێژدا، لە درێژایی شەوگاری کورتدا لە نوێنگەدا ڕائەکشێن... ... ئەدەن ... ... لە تاریکی شەودا ئەوان ... ... لە شنەدا ... ... پەڕەسێلکەکانی ئیزەد ئوتو ماڵ بە ماڵ ئەگەڕن و ئەچنە ژوورەوە،ئەوان شەقام بە شەقام ئەگەڕن، ئەوان ئەچریکێنن، ئەوان لە بەرانبەر یەکدا ئەچریکێنن، ئەوان بە دوای دایکیاندا ئەگەڕێن بە وشە، لە وەڵامی بانەبەژنێکی گەورەدا، ئەوان لە تەنیشت تەختدا هێلانە درووست ئەکەن. ئەوان ئەدەن لە... ، کاتێ ... ڕەشەکان ئەدزن، ئەوان سرکن لە درگا وبانی خەڵکان، ئەوان ئەیگۆڕن ...، ئەوان بە چنینی شووڵەتەڕەکان گرێژەنەی درگاکان درووست دەکەن. ئەو قارەمانەی وا... . ئەو ئوتوەی وا... گەنجە قارەمانەکانی ئوتوی وشە شیرین.

دوو دێری تابلۆکە ناخوێنرێتەوە.

تەلیسمی .... ئوتوی جوانان،وا ئانونا، ئیزەدی گەورە، نازانێ، لەو کاتە وا... .

سێ دێر نادیارە.

٤٦١-٤٣٣. گەورە زانایەل شار...

دێرێک نادایارە

ئەفسونی ئوتوی جوانان وا ئانونا، گەورەی ئیزەدان، نایزانێ،

پێنج دێر نادیارە.

ئەوان ئەتوانن بگەن بە دیداری ئوتو، ئێنلیل، ئیزەدی چەرخسوار، کورە ڕدێنسپییەکەی نینگال...، ئەوان ئەیدەن بە شوێن ...، ئەوان بە هێزی خۆیان چارەنووسی هەرێمە بیانیەکان دەسنیشان ئەکەن. لە تاریکایی شەودا، ئەوان بەرازە ڕەشەکان ئەناسنەوە، لای نیوەڕۆ بە ئوتو... ئەو ئەتوانێ ... ... تەلیسمی خۆی ...،

سێ دێر ناخوێنرێنەوە،

ئەوان دینە ژوورەوە لە پێش ئانو، ئێنلیل، هانە، ئیزەدەکان دا، ئەوان ئەزانن ... ، ئەوان ئەڕواننە ...، ئەوان .... لە پشت پەنجێرەوە، دەروازەی کوێستان، شەوبەندی کوێستانە درەوشاوەکان.

چوار دێر دیار نیە.

ڕاوەستاون ... .

دێرێک نادیارە.

٤٨٤-٤٦٢. ئەوان چاوەڕوانی سەربازان ی ئیزەد هانەی دلێرن وا لە ژێر چاودێری ئیزەد هانەدان، وا ڕاوەستاون بۆ شەڕ، ئەوان چواردە مشخەڵی شەڕن ... ، لە نیوەشەودا ئەوان ڕووناکن ، لە نیوەشەودا وەک ئاگر، لە بەستەیەکی گۆرانیدا دوای یەک ئەکەون. لە گەردەلوولی شەڕدا وەک هەورەبرووسکە گزنگ ئەدەن، وا وەک لافاوێکی گەورە کە هەڵئەستێ، بە دەنگی بەرز ئەخورۆشێ. ئەوان وا لە دڵی هانەدا زیندون وا لە بەرەی شەڕدا ڕاوەستاون، ئەوان حەوت مشخەڵی شەڕن ..........، ئەوان بە شادمانییەوە لە کاتێکدا وا تاج ئەدا لە سەری لە ژێر ئاسمانی ڕووناکدا، بە نێوچاوان و چاوانیان ئەوان ئێوارەیەکی ساماڵن. گوێیان... ی گەمییێکە، بەو دەمەیانەوە ئەوان بەرازانان وا لە زەلان دا نووستوون. ئەوان لە لێشاوی شەڕدا ڕاوەستاون، بە هێزی ژیانبەخشی خۆیانەوە ... .

یەک دێری تابلۆکە ناخوێندرێتەوە.

ئەوانەی وا لە دڵی ئیزەد هانەدا زیندوون وا بۆ شەڕ ڕاوەستاون، بە هۆی نینتوری گەردونەوە ئەوان لە ڕادەبەدەرن، بە ژیانی جاویدانییەوە ئەوان ڕایئەگرن ......، گۆپاڵی شەڕی درەوشاوەی پیرۆز ئەگاتە لێواری ئاسمان و زەوی،...  ئەگات.

دێرێک ناخوێندرێتەوە لە تابلۆکەدا.

٤٨٥-٤٩٩. کاتێ ئیزەد ئوتو لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە، گۆپاڵی پیرۆزی ئانو...، ئیزەدی دادپەروەر وا لە تەنیشت پیاوێکدایە. ئەوان خواوەندە شەڕەنگێزە دڵ ڕەشەکانن، ئەوان ...ی خواوەندەکانن. وەک ناننا، وەک ئوتو، وەک هانە لە پەنجا هێزی پەروەردەگار، ... لە ئاسمان و زەوی... ئەوان وەرگێڕی وتارە ناحەقەکان و سیخوڕی دادپەروەرین،

دوو دێڕ نادیارە

ئاسمانێکی ساماڵ و ئەستێرە بێ ئەژمارەکان،

دێرێک نادیارە

نمامی سەوڵ لە کێواندا، .. تۆڕێکی شەڕ تا ئاسۆوە هەتا قوڵایی ئاسمان.

نادیار

بەشی B

لەوانەیە ئەم بەشە هی ئەو پاژە نەبێ.

١-٧.

حەوت دێڕ نادیارن

نادیارن ئەو دێرانەی وا ناتەوان ...

Revision history

26.iii.1998-09.iv.1998: JAB, editor: adapting translation

22.iv.1998: GZ, editor: proofreading

19.iv.1999: GZ, editor: minor corrections

19.iv.1999: GZ, editor: SGML tagging

23.iv.1999: ER, editor: proofreading SGML

22.iv.1999: ER, editor: web publication

01.vi.2003: GC/JE, editor/technical developer: XML/TEI conversion

© Copyright 2003, 2004, 2005, 2006 The ETCSL project, Faculty of Oriental Studies, University of Oxford

Updated 2006-12-19 by JE